## سمایل خانی فەڕوخی

هونەری وێنەگرتن بە کامێرا (عەککاسی) بۆ ئەودەمی بۆکان شتێکی سەرنج ڕاکێشە. ئەوەندەی من بزانم عەلی خانی سەردار (دوایین سەرداری بۆکان) کە ماوەیەک لە ڕووسیا (شاری تفلیسی گورجستان) دەرسی خوێندبوو، یەک لە یەکەمین کەسانێکە لە ئێراندا کە وێنەی فۆتۆگرافی گرتوە و کامێرای هەبوە. بەداخەوە هیچ ئاسەوارێکمان لە کارەکانی ئەو بەدەستەوە نییە، یا ئەگەر وێنەیەک هەبێت کە ئەو گرتبێتی و تا ئەمڕۆش مابێت، ئێمە ناتوانین بیبەینەوە سەر ئەو.

"سمایل خانی فەڕوخی" ش کە لەگەڵ علی خانی سەردار پەیوەندی خزمایەتی هەبوە، دوور نییە هەر لەو یا بە هۆی هاندانی ئەوەوە لە کەسانی تر هونەری وێنە گرتن فێر بووبێت.

سمایل خان لە بڕگەیەکی گرنگی تەمەنی واتە لە دەور و بەری ساڵانی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا لە شاری تەورێز دووکانی وێنەگەری (واتە عەککاسی) هەبوو. زۆر واهەیە وێنەی ڕێبەرانی کۆمار و کەسایەتییە ناسراوەکانی موکریان کە لە ماوەی کۆمار و پێش ئەودا سەردانی تەورێزیان کردوە، ئەمر سمایل خان گرتبێتی، بەڵام لێرەشدا دەراوێکی ڕوونمان لەبەر چاو نییە و نازانین کامە وێنە ئەو گرتوویەتی. بە بۆچوونی من، ئەوە ئەرکی بنەماڵەی بەڕێزی فەڕوخییە کە بەم کارە گرنگە هەستن و دەست نیشانی کارەکانی بکەن بۆ ئەوەی لە مێژوودا بمێنێت.

هەروەها پێویستە بگوترێت کە "برایم خان"ی کوڕی سمایل خانیش هەموو ماوەی تەمەنی لە بۆکان و سەقز دووکانی وێنەگەریی هەبوو و دیاریکردنی کارەکانی ئەویش ئەرکێکی پێویستە.

بەختەوەرانە کاک مەنسووری فەڕوخی کوڕی سمایل خان وتارێکی سەبارەت بە بابی نووسیوە کە لە ماڵپەڕی بۆکان / ڕۆژهەڵاتدا بڵاو کراوەتەوە. وا لێرەدا بە سپاسی زۆرمەوە بۆ نووسەر، دەقی وتارەکەی کاک مەنسوور بۆ زانیاری زیاتری خوێنەر دەهێنمەوە:

کورتە ژیانێکی هونەری – سیاسی  سمایل خان فەڕوخی

نووسینی م. فەڕوخی

سمایل خان لە ساڵی ١٢٧٨[١٩٠٠] لە ساینقەڵا لە دایک بوە. ناوی دایکی سەکینە خانم بوە کە دەبێتە خوشکی سەردار حەمە حسێن خان و کچی سەردار عەزیز خان.  ناوی باوکی عزت الله خان ملقب بە  ئەمیر تومان میر پێنج لە خانەکانی ناوچەی سایەنقەڵایە. عزت الله خان کوڕی فەڕوخ خانی مەنسوورالممالک بوە کە دوای دامەزرانی خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵەی سەردار لە ناوچەی بۆکان لە گوندی قەرەگوێز نیشتەجێ دەبێ و  لە محالی گەورک ئاغایەتی دەکەن. دوای ماوەیەکی دوور و درێژ بنەماڵەی عزت الله خان لەسەر ڕووداوێکی ناخۆش لە لایەن حاجی بابە شێخەوە لە قەرەگوێز هەڵدەقە ندرێن و بەرەو ساینقەڵا دەچنەوە.

لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی بنەماڵەی سمایل خان و ژیانی پێویستی بە هەول و تێکۆشانی پسپۆڕی مێژوویی هەیە و لە تواناى من دا نییە. بەڵام بە کورتی دەتوانم لەسەر ژیانی سیاسی و هونەری سمایل خان زانیارییەکی کورت بخەمە بەرچاوی خوێنەر.

هونەری وێنەگری لە ساڵە کانی زووەوە لە ڕۆژانی منداڵیی سمایل خان و کاتێ دێتە ناو بنەماڵەی باپیری واتە فەڕوخ خانی مەنسوورالممالیک، دەستپێدەکا. فەڕوخ خانی مەنسوورالممالیک لە سەفەرێکی دا بۆ رووسیە لەگەڵ کابرایەک بەناوی ئارتان ئاشنا دەبێ. ئارتان هونەرمەندێکی بواری نەققاشی و وێنەگری بوە و هەر لەو بوارانەشدا ئیشی کردوە. فەڕوخ خان لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان ئارتان لەگەڵ خۆی دێنێ و هەر لە ئارتانەوە خۆی و عیزەت الە خان فێری هونەری وێنەگری دەبن. وێنەگری لەناو بنەماڵەکەدا وەکوو هونەرێک درێژەی پێ دەدرێت و وردە وردە سمایل خانیش فێری ئەو هونەرە دەبێت و هەتا ئەو کاتەی یەکەم دووکانی خۆی لە شاری مەهاباد دەکاتەوە. ئەو هونەرە هیچ چەشنە بەرهەمێکی ماڵی بۆ ئەو نەبووە.

سمایل خان بە پێی زانیاری نووسین و خوێندنەوەیەکی کە دەیبێت لە ئیدارەی ماڵییەی مەهاباد دەست بەکار دەکات. لە فەڕوخ خانەوە فێری زمانی رووسی دەبێت. بە هۆی خۆشەویستیەکی کە بە خوێندنەوە دەیبێ کتێبی "کلیلە و دەمەنە" و "شاهنامە" دەخوێنێتەوە. زانیاریەکی بەرچاوی لە بواری شیعر و ئەدەب دا بوە و خۆش نووسێکی زۆر ماهیر بوە. هەر ئەو زانیاریانە دەبنە هۆی ئەوە کە ئەرکی کڕینەوەی شاری بۆکان لە کابرایەکی تەورێزی لە لایەن ئاغاکانی بۆکانەوە بە ئەستۆ بگرێت و ڕۆڵێکی بەرچاوی لەو مامە لەیەدا هەبێت. سمایل خان دوای هاتنە دەر لە ئیدارەی ماڵییەی مەهاباد یەکەم دووکانی خۆی هەر لەو شارە دەکاتەوە.

بەدوای دامەزراندنی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران دەچێتە ناو ئەو حیزبەوە و لە سەردەمی کۆماری مەهاباد دەبێتە فەرماندەری هێزی حیزب لە سایەنقەڵا. پێش تێکچوونی کومار لە حیزب دێتە دەرێ و دەچێت بۆ تەورێز و لە سەردەمی کۆماری ئازەربایجاندا هەر لەوێ دووکانێکی وێنەگری دەکاتەوە. دوای تێکچوونی کۆماری ئازەربایجان لە تەورێز دەگیرێت و دەخرێتە زیندان. دوای ماوەیەک لە زیندانی تەورێزەوە دەگوێزرێتەوە بۆ زیندانی ورمێ. دوای ئازاد بوونی لە زیندانی ورمێ هەر لەو شارە دووکان دادەنیت.

لەسەر داوای خزم و کەس سمایل خان لە ورمێوە دێتەوە بۆ کوردستان و لە شاری سەقز نیشتەجێ دەبێت و لەوێشەوە دەگەڕێتەوە بۆ بۆکان و دوای ماوەیەک بۆ تاران کۆچ دەکا و هاوکات لە تاران دوو دووکانی وێنەگەری دەبێت. دوای مانەوەی چەند ساڵێک لە تاران وردە وردە پیری روی تێ دەکا و دەگەڕێتەوە بۆ بۆکان. دوای چەندجار دووکان دانان لە بۆکان بۆئاخرین جار لە ناو بۆتکە ی ئاسنی دا هەتا ئاخرین ڕۆژەکانی تەمەنی وێنەگری دەکات.

هەروەک پێشتریش باسم کرد، لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی سمایل خان کارێکی زۆر چەتوونە و ڕەنگە بە زانیاری وەرگرتن لەگەڵ ئەوکەسانەی لەنزیکەوە شارەزای ژیانی ئەو بوون بتوانرێ بەشێکی بچووک لە ژیانی هونەری – سیاسی ئەو خۆشەویستە روون بکرێتەوە. ئەوە کورتەیەک بوو لە ژیانی پڕ لە هات و چۆی هونەرمەندێکی کورد کە لەسەر چەند ڕووداوەی گرینگ لە ژیانی دا پێویست بە پێداچوونەوەیەکی ناوەڕۆکی هەیە وەک:

- دابڕانی بنەماڵەکەی لە قەرەگوێز

- چونیەتی کاری وێنەگەری لە ساڵەکانی گەنجی ئەو هونەرمەندە کە بۆ زاهیرکردنی وێنەکان لە تیشکی خۆر کەڵکیان وەردەگرت.

- مامەڵەی شاری بۆکان  لە کابرای تەورێزی و ئاغاکانی بۆکان

- چۆنیەتی گیران و زیندانی کرانی لە زیندانەکانی تەورێز و ورمێ

- لەناو چوونی ئارشیڤەکەی لە تەورێز

- دووکانەکانی تاران وبۆتکە ئاسنەکەی بۆکان کە جار جار لەبیری دەچوو قفڵی بکا  ... و زۆر شتی کەش.

سمایل خان هەرچەند لە بنەماڵەیەکی گەورە و ناسراو هەڵکەوتبوو، بەڵام لە دوای هاتنەدەر لە زیندانی ورمێ، قەت نەیتوانی ژیانێکی خۆش و ئارام و سەربەست بە خۆیەوە ببینێت. لە ساڵەکانی ئاخری تەمەنیدا دڵی تەنیا بەو بۆتکە ئاسنەی لە بۆکان وێنەی تێدا دەگرت خۆش بوو و لە پەنا ئەویشدا خۆی بە خوێندنەوەی کتێب سەرقاڵ کردبوو. لە ساڵی ١٣٥٣ [١٩٧٥] لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا ولە کرێ نشینی و لە ماڵی "سەیزادە"  لە بۆکان کۆچی دوایی کرد.

ئەوەیکە سمایل خان وێنەگری سەرەکی سەردەمی کۆماری مەهاباد بوە هیچ شکی تێدا نییە. هەرچەند ئەوکات ڕاگرتن و ئارشیف کردنی ڕووداوەکان باو نەبوو، بەڵام سمایل خان ئارشیڤی خۆی هەبوو. بەداخەوە کاتی گرتنی لە شاری تەورێز بە شێوەیەکی زۆر مەرموز و سەیر ئارشیوەکەی سەری تێدادەچێت. ئەو فیلمانەی کە بەدوای ئەو کارەساتەدا کۆی کردبوونەوە، بە هۆی کیژێک بە ناوی خەجیج (ڕۆحی شاد بێ) کە کارداری ماڵی سمایل خان بوە، دەسووتێت. ئێوارەیەک کە خەجیج خەریکی گەشاندنەوەی ڕەژی دەبێ، پریشکەیەکی ئاگری ڕەژیەکە دەپەڕێتە سەر سیپێکی چایی کە فیلمەکانی تێدابوە و هەموو فیلمەکان و ماڵەکەش لە گەڵیدا دەسووتێت.